# Barnebøker for Norge

barneboker.no

## نوزیبلە و سێ تاڵە موو

Skrevet av: Tessa Welch
Illustret av: Wiehan de Jager
Oversatt av: Agri Afshin

Denne fortellingen kommer fra African Storybook (africanstorybook.org) og er videreformidlet av Barnebøker for Norge (barneboker.no), som tilbyr barnebøker på mange språk som snakkes i Norge.

Dette verket er lisensiert under en Creative Commons Navngivelse 3.0 Internasjonal Lisens.
https://creativecommons.org/licenses/by/3.0/deed.no

# نوزیبلە و سێ تاڵە موو



Tessa Welch
Wiehan de Jager
Agri Afshin
kurdisk (sorani)
nivå 3



له سەردەمانی زوو، سێ کچ چووبوونە دەرێ بۆ
کۆکردنەوەی دار.



ئەوکات سەگەکە تێگەشت کە نوزیبلە فێڵی لێکردووە. بۆیە خێرا غاری دەدا بۆ ئەوەی خۆی بگەیەنێتە گوندەکە. بەڵام براکانی نوزیبلە بە تویڵاوە چاوەڕێیان دەکرد. سەگەکە گەڕایەوە و هەڵات و ئیتر دووبارە دەرنەکەوتەوە.





ڕۆژێکی زۆر گەرم بوو، بۆیە چوونە دەم ڕووبارەکە بۆ مەلە کردن. ئەوان شەڕە ئاوییان دەکرد و مەلەیان دەکرد.



لەناکاو بە ئاگاهاتنەوە کە کات درەنگ بووە. بۆیە بە خێرا گەڕانەوە بۆ گوندەکەیان.





کاتێ سەگەکە گەڕایەوە، لە دوای نوزیبلە گەڕا. هەرای دەکرد: “ نوزیبلە لە کوێی؟” تاڵە مووی یەکەم ووتی: “ ئەوەتام لە ژێر تەختەخەوەکە.” تاڵی دووەم ووتی: “ ئەوەتام لە پشت دەرگاکە.” و تاڵی سێهەم ووتی: “ ئەوەتام لە حەوشەکە.



کاتێك لە ماڵ نزیك بوونەوە، نوزیبلە دەستی بۆ ملی برد. ئەو ملوانەکەکەی لەبیر چووبوو! بۆیە داوای لە دەستەخوشکەکانی کرد: “تکایە لە گەڵم بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی ملوانکەکە بهێنمەوە.” بەڵام هاورێکانی ووتیان تازە درەنگ بووە.





هەر دوای ئەوەی کە سەگەکە ڕۆشت، نوزیبلە سێ تاڵە مووی لە سەری خۆی کردەوە. ئەو تاڵێکی لە ژێر تەختە خەوەکە دانا، و تاڵێکی دیکەش لە پشت دەرگاکە و تاڵەکەی دیکەش لە حەوشەکە. و دواتر زۆر بە خێرایی گەڕایەوە ماڵێ.



بۆیە نوزیبلە بە تەنیا گەڕایەوە بۆ دەم ڕووبارەکە.
ملوانکەکەی دۆزیەوە وبە خێرا گەڕایەوە بەرەو ماڵ. بەڵام
لە تاریکایدا وون بوو.





نوزیبلە هەموو ڕۆژێ ناچار بوو کە خواردنی بۆ سەگ
دروست کردبا و ناوماڵەکەی پاك کردبایەوە. ڕۆژێکیان
سەگەکە ووتی: “ نوزیبلە، من ئەمڕۆ دەبێ بچم سەردانی
چەند هاوڕێیەکم بکەم. ماڵەکە گەسك بدە، خواردن
دروست بکە و هەمو شتیك ڕێك بخە پێش ئەوەی
بگەڕێمەوە.



له دوورا ڕووناکایەکی بینی، کەپرێك بوو. ئەو بەرەو کەپرەکە هەڵات و لە دەرگای دا.





دواتر سەگەکە ووتی: " جێگا خەوەکەم بۆ ڕاخە!" نوزیبلە ووتی: من هەرگیز جیگاخەوم بۆ سەگ ڕانەخستووە." سەگ ووتی: " جێگا خەوەکەم بۆ ڕاخە دەنا گازت لێدەگرم!" دواتر نوزیبلە جێگاکەی بۆ ڕاخست.



سەری سوڕما کاتێك بینی سەگێك دەرگای کردەوە، سەگەکە ووتی: “ چیت دەویٚ؟” نوزیبلە گووتی: “ من وون بوومە و پێویستم بە شوێنی خەوە.” سەگەکە ووتی: “ وەرە ژووریٚ دەنا دەتگەزم!” دواتر نوزیبلە چووە ژووریٚ.





دواتر سەگەکە ووتی: “ خواردنم بۆ دروست بکە!” نوزیبلە گووتی: “ من پێشتر هەرگیز خواردنم بۆ سەگ دروست نەکردووە.” سەگەکە ووتی: “ خواردنم بۆ دروست بکە وەگەرنا گازت لێدەگرم!” دواتر نوزیبلە هەندیٚ خواردنی بۆ سەگەکە ئامادە کرد.